رزگاريخوازى كوردستانى‌يەوە.

مادەى حەوتەم: دەبێ وەزيرە پەيوەنددارەكان حوكمەكانى ئەم ياسايە جێبەجێ بكەن .

مادەى هەشتەم: ئەم ياسايە لەرۆژى بلاوكردنەوەيەوە لە رۆژنامەى رەسميدا كارى پێدەكرێ .

نەژاد احمد عزيز ئاغا
ر و/ سەروكى ئەنجومەنى نيشتمانيى كوردستانى عێراق

هۆيەكانى دەركردنى ئەم ياسايە

لەبەر رۆلى خەباتكيرى و قارەمانێتى‌ى هێزە تێكۆشەرەكانى پێشمەرگە لە هەلگيرسانى‌شۆرشى پيرۆزى كورددا و بۆ رێزلێنانى ئەو فيداكاريانەى لەپێناوى بەديهێنانى ئامانجەكانى گەلى كوردستان لە كوردستانى عيراقدا پێشكەشيان كردوە وبەم رۆژەى ئێستامانيان گەياندووين بە هەلبژاردنى ئەنجومەنى نيشتمانى‌ى كوردستان وپێكهێنانى يەكەم وەزارتى هەرێم وبرياردانى فيدرالى‌يەت وەك بناغەيەك بۆ مافەكانى گەلى تێكوشەرمان ئەم ياسايە دەكرا .

★ ★ ★

بەناوى خواى بەخشندە وميهرەبانەوە
بەناوى گەلەوە/
ژمارەى بريار/ ٣٤
مێژووى بريار / ١٩٩٢/١١/١٤ ز
٢٣/گەلارێزان/٢٦٩٢ ك

بەپێ‌ى برگەى ( ١ ) لەمادەى ( ٥٦ )ى ياساى ژمارە ( ١ )ى سالى ١٩٩٢ ولەسەر پێشنيازى وەزيرى كشت‌وكال وئاوديرى‌وبريار لەسەردانى ئەنجومەنى وەزيرانى هەرێمى كوردستانى عێراق ، ئەنجومەنى نيشتمانى كوردستانى عێراق لە دانيشتنى رۆژى١٢/١١/١٩٩٢ بريارى دەركردنى ئەم ياسايەى دا :

ياساى ژمارە ( ١٠ ) سالى ١٩٩٢
ياساى وەزارەتى كشت‌وكال وئاوديرى

مادەى يەكەم: مەبەست لەم وشانەى خوارەوە ماناكانى تەنيشتيانە :

١) هەرێم: هەرێمى كوردستانى عێراق .
٢) وەزارەت : وەزارەتى كشت وكال وئاوديرى .
٣) وەزير: وەزيرى كشت‌و كال وئاوديرى.
٤) بريكارى وەزارەت: بريكارى وەزارەتى كشت‌و كال وئاوديرى

مادەى دووەم: وەزارەت ئەم ئەركانە بەجێ دێنى :

١) دانانى نەخشەى كشت وكالى‌ى ئەوتۆ كە گەشەپێدانى، بەرهەمى كشت وكال لەبوارەكانى رووەك وئاژل وپاوانە سروشتى يەكاندا بەدى بێنى .

٢) پيشكەشكردنى خزمەتگوزارى لە بوارى رێ نيشاندانداو مسۆگەركردنى پێويستى‌يەكانى بەرهەمهێنانى كشت‌وكال وسازدانى لێكولينەوەى كشت وكالى‌ى پراكتيكى وبەشداربوون لە چەسپاندنى هاريكارى‌ى كشت وكالى‌وسەرپەرشتى كردنى بەجێهينانى ياساكانى زەوى سازى ( الاصلاح الزراعى ) وبەدواداچوونى جێبەجێ كردنى ئەو چالاكى‌يانەى پەيوەندى‌يان بەخستنە كارى زەوى‌يە كشت‌وكالى‌يەكانەوە هەيە بەئامانجى پێشخستنى بەرهەمى كشت وكال لە هەرێمدا.

٣) نەخشەدانان بۆ سەرچاوەكانى ئاو لەهەرێمدا ودرووستكردنى بەربەست وپرۆژەى ئاوديرى وسازدانى زەوى وزارو پاراستنى وسوود بينين لەئاوى نزيك وقوولى ژێر زەوى ( سطحى وجوفى ) وبەكەرخستن‌وپاراستنى پرۆژەكانى ئاوديرى وبەرگرتن لە مەترسى‌ى لافاوو ژێر ركێف خستنى سێلاوو حەوزەكانى رووبارەكان .

٤) ئامادەكردنى لێكولينەوەى تايبەتى وشكێچ‌وپرۆگرام بۆپرۆژەكان وكاركردن بۆجێبەجێ كردنيان وجى بەجى كردنى ئەوپرۆژانەى راستەو خۆ لەلايەنانى ترەوەلە ناوەوەو دەرەوەى هەرێمدا پێيانى دەسپێردرێن بە سيفەتى بەلێندەر يالە لايەن دەزگا جێبەجيكارەكانى‌يەوە يا بەليدەرەكانى ناوخۆ يابيانى وسەرپەرشتى كردنى جێبەجێ كردن وبەدوادا چوونيان .

٥) تەقەلادانى مسۆگەركردنى تووى پوختكراوو سەمادى كيمياوى‌و قەلاچۆكەر(مبيدات) ودابينكردنى دەرمان وگرتنەبەرى ئەورێ وشوێنانەى زياد كردنى بەرهەم وپوختكردنى مسۆكەر دەكەن .

مادەى سێيەم:

١- وەزير سەرۆكى بالاى وەزارەتە وبەرپرسيارى يەكەمى جێبەجێكردنى سياسەتەكەى وسەرپەرشتى جێبەجێ كردنى باساو پەيرەوو رێنمايى‌يەكانە تيادا وهەر لەويشەوە بريار وفەرمانەكان لە چوارچێوەى ئەركەكانى وەزارەت ودام ودەزگاو دەسەلاتەكانى وگشت كاروبارە ئيدارى وهونەرى يەكان لەچوارچێوەى ئەم ياسايەو

یاسا ڕەچاوکراوەکانی تردا دەردەچن بۆیشی هەیە بەشێک لە دەسەڵاتەکانی بەبریکاری وەزارەت وبەڕێوەبەرە گشتی‌یەکان وسەرۆکەکانی دایەرە سەرەکی‌یەکان لەوەزارەتدا بسپێرێ لەبەرامبەر ئەنجومەنی وەزیرانیشدا بەو ئیعتیبارەی ئەندامێکی هاوبەشێتی بەرپرسیارە .

٢) بریکاری وەزارەت ئەو ئەرکانە بەجێ دێنێ کە وەزیر پێیانی دەسپێرێ .

مادەی چوارەم: دام ودەزگاکانی مەڵبەندی وەزارەت وبەڕێوەبەرێتی‌یە گشتی‌یەکانی بەم جۆرە دەبێ:

١) نووسینگەی وەزیر.
٢) نووسینگەی بریکاری وەزارەت .
٣) بەڕێوەبەرێتی‌ی گشتی ی دیوان .
٤) بەریوەبەرێتی‌ی گشتی‌ی زەوی وزاری کشت‌وکاڵی .
٥) بەڕێوەبەرێتی‌ی گشتی‌ی کاروبار وخزمەتگوزاری کشت‌وکاڵی .
٦) بەڕێوەبەرێتی‌ی گشتی‌ی ئاودێری وبەربەستەکان .
٧) بەڕێوەبەرێتی‌ی گشتی‌ی سامانی ئاژەڵ و تەندروستی ئاژەڵ .
٨) بەڕێوەبەرێتی‌ی گشتی‌ی توتن .
٩) کۆمپانیای هەڵکەندنی بیری ئیرتیوازی‌و مەڵبەندەکانی لێکۆڵینەوەی پراکتیکی‌ی کشت وکاڵ .
١٠) بەڕێوەبەرێتی‌یە گشتی‌یەکانی کشت‌وکاڵ وئاودێری لە پارێزگاکانی هەرێمدا .

مادەی پێنجەم: هەریەکێ لەبەڕێوەبەرێتی‌یەگشتی‌یەکان مووچەخۆرێک بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی‌ی دەکاکە باوەڕنامەیەکی زانکۆی هەبێ ولە کارمەندان وپسپۆرانیش بێ .

مادەی شەشەم:

١) وەزیر بۆی هەیە دەستەو لیژنەی هەمیشەیی‌یەکانی بۆجێ‌بەجێ کردنی ئەرکێکی دیاری کراوپێک بێنێ .
٢) دام ودەزگاکانی وەزارەت وئەرک ودەسەڵاتەکانی بەڕێوەبەرێتی یە گشتی‌یەکان وبەڕێوەبەرێتی‌یەکانیان ودەستەو مەڵبەندەکان بەپەیڕەوێک دەسنیشان دەکرێن .
٣) وەزیر بۆی هەیە لەکاتی پێویستیدا ولەچوارچێوەی بەڕێوەبەرێتی‌یەکاندالقی ( شعبە ) پێک بێنێ .

مادەی حەوتەم: گشت مافەکانی ئەو دام ودەزگایانەی لەوەبەر بەوەزارەتی کشت‌وکاڵ وئاودیر ی ناوندی بەوە بەسترابوونەوە ، دەبنە مافی وەزارەتی کشت وکاڵ وئاودێری‌ی هەرێم .

مادەی هەشتەم: دەبێ وەزیرە پەیوەنددارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن .

مادەی نۆیەم: ئەم یاسایە لەڕۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا کاری پێدەکرێ .

نەژاد احمد عزیز ئاغا
و/ سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق

هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە

لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق لە دێر زەمانەو ناوچەیەکی کشت وکاڵی بووە بەمەستی پەرەپێدانی بەرهەمی کشت‌وکاڵ وئاژەڵ وبایەخدان بەسەر چاوەکانی ئاوو بەپرۆژەکانی ئاودێری لە هەرێمداپەرەپێدانیان بە ئامانجی زیاد کردنی بەرهەم وچاککردنی جۆری وکەشە پێکردنی بەرهەمی کشت‌وکاڵ وئاژەل کەباشترین شێوەی بەکارهینانی توانای مادی ومرۆیی لە هەرێمدا بەدی بێنێ وبەنیازی سازاندنی بارودۆخێکی کونجاو بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندو شارۆچکە وێرانکراوەکانی کوردستان وبۆبەدیهێنانی خود کیفایەتی ( ئیکتیفای ذاتی ) لە ئیستادا لە بەرهەمهێنانی کشت وکاڵ وئاژەڵدا وهاندانی دانیشتووانی ئەو گوندانە کە بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانیان وبیانبووژێننەوە وزەرعاتیان تێدا بکەنەوەو ئینجا لەبەر پێکهاتنی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق ودامەزراندنی وەزارەتی‌کشت وکاڵ وئاودێری، ئەم یاسایە دەرکرا .

★ ★ ★